# کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد
# ASK
## پرۆژەی بەدواداچوونی کاروبارەکانی دەسەڵاتی دادوەری
## هەرێمی کوردستان- هەولێر
## را پۆرتی دووەم

**پێشەکی :**

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد ASK رێکخراوێکی نێودەوڵەتی ( ئەمریکی کوردی ) ناسودمەندە، لە ساڵی 1999 ـەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەستی بە چالاکیەکانی کردووە و کارو چالاکیەکانی تەنیا لە ئاستی هەرێمی کوردستانی عێراق دایە، ئەوە بۆ سێیەمین ساڵ دەچێت کەوا کاری چاودێریکردن و بەدواداچوونی ئەدای دامەزراوە رەسمیەکانی هەرێم دەکات، لە پێناو زیاتر ئاگادارکردنەوەی رای گشتی و نزیك کردنەوەیەکی زیاتری نێوان ئەو دامەزراوانەو خەڵکیش، هەورەها یارمەتیدانی زیاتری ئەو دام ودەزگایانە بۆ ئەوەی رەچاوی شەفافیەت بکەن.

**سەرنج :**

لە گەڵ دەستپێکردنی هەر پرۆژەیەك ئێمە وەکو رێکخراوە هەوڵدەدەین بە رەسمی لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکەینەوە، ئەگەر بکرێتیش ئەوا داوای هاوکاری مەعنەوی دەکەین وەك ئاسانکاری بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەکەمان بە شێوەیەکی رێکو رەوان، لەسەر ئەم بنەمایە هەر لەگەڵ دەستپێکردنی ئەو پرۆژەیەمان لە مانگی تشرینی یەکەمی 2007 دا، بە نووسراوێکی رەسمی ئاگاداری وەزارەتی دادمان کردەوەو سەردانی بەرێز وەزیری دادمان کرد کە پشتگیری و ئامادەیی خۆی و وەزارەتە بەرێزەکەیانی پیشاندا بۆ هەر ئاسانکاری و رێخۆشکردنێك بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکە.

ئەوەبوو وەزارەتی ناوبراو لە رێی نووسراوی ژمارە ( 3/3811 لە2007/11/5 ) گشتگیریەکیان بە سەر دام و دەزگا پەیوەندیدارەکاندا بلاّو کردەوە. دواتر، لەدوای ئەوەی کە خۆشبەختانە ئەنجوومەنی دادوەری لە کوردستان بەشێوەیەکی رەسمی دامەزراو دەسەڵاتی دادوەری لە رووی یاساییەوە سەربەخۆ بوو، پەیوەندی بەوەزارەتەوە نەما، کە ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ زیاتر پشت بەستنی دادگاکان بەخۆیان و دوورکەوتنەوە لە دەستێوەردان. لەکاتی ئەنجامدانی خۆبەخشەکانمان بۆ کارەکانیان و سەردانیان بۆ دادوەرە بەرێزەکان، هەندی لە دادوەرەکان داوای نوێکردنەوەی نووسراوەکەیان کردەوە چونکە ئێستا ئەنجوومەنی دادوەری سەربەخۆیەو ئەو نووسراوەی وەزارەتیش کۆنە، بۆیە پێویست بەنووسراوێکی تازە دەکات، ئێمەش دووبارە نووسراوێکی ترمان بەژمارە ( 76 لە 2008/5/25 ) راستەوخۆ ئاراستەی ئەنجوومەنی دادوەری کردەوەو داوای هاوکاریمان لێکردن، دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەك و سێ جار سەردانی کردنی سەرپەرشتیاری پرۆژەکە بە مەبەستی بەدواداچوونی نووسراوەکە، وەڵامی بەراییی ئەوە بوو کەوا رەزامەندی دراوەو تەنیا ماوە نووسراوەکە بە رەسمی دەربچێت، دوای سێ رۆژی تر بۆ بەدواداچوونی نووسراوەکە زانیمان کەوا بڕیارەکە گۆڕاوەو بەنووسراوی ئەنجوومەنی دادوەری ژمارە ( 1070 لە 2008/6/1 ) داواکەی رێکخراوەکەمان رەتکراوەتەوە، گوایە ئەو پرۆژەیە لەبالاّیی دادگاکان کەم دەکاتەوە.

ئێمە وەکو ڕێکخراو ئەوە بۆ ماوەی نۆ مانگ دەچێت دەستمان بەم پرۆژەیە کردووە، ئامانجی سەرەکیمان هاندان و پشتگیریکردنە لە بەهێزکردنی سەربەخۆیی دادگاکان لە کوردستان و دوور راگرتنی ئەم دامەزراوەیە لە هەر دەستێوەردان و کاریگەریەکی حزبی و حکومی و لەو پێناوەشدا کار دەکەین.

**قۆناغی دووەم: سێ مانگ: 2008/3/1 تاکو 2008/6/30**

**دادگاکانی مەدەنی:**

**قۆناغی دووەمی ماوەی پرۆژەی بەدواداچوونی ئیش و کارەکانی دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستان، بریتییە لە بەدواداچوونی کارەکانی دادگاکانی مەدەنی کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبێتەسەر بەشەکانی:**

**دادگاکانی مەدەنی**

**دادگای بەرایی** | **دادگای باری کەسی** | **دادگای (موادی شەخسی)** | **دادگای باری شارستانی** | **دادگای کار**

**- دادگای باری کەسی:**

پەیوەستە بە کێشەکانی خێزان و مەسەلەکانی پەیوەست بە ژنهێنان لە داواکانی نەفەقەو تەڵاق و دایەنی (حضانة)ی منداڵ و جیاکردنەوە (تفریق)،.... هتد. هەروەها کارەکانی تایبەتە بە دەرهێنانی بەڵگەنامەکانی مردن و (قسام شەرعی) و هاوسەرگیری ،.... هتد.

**- دادگای بەرایی:**

پەیوەستە بە کێشە مەدەنییەکان و قەرز و لابردنی زێدەڕۆیی (تجاوز) و لابردنی بەرهەڵستکاری،.... هتد.

**- دادگای موادی شەخسی:**

پەیوەستە بە ڕێکخستنی کاروبارەکانی خاوەن ئایینەکانی تری ناموسوڵمان وەك مەسیحی و ئێزیدی و یەهودی و..... هتد.

**- دادگای باری شارستانی:**

پەیوەستە بە داواکانی راستکردنەوەی ناو، تەمەن، ..... هتد.

**- دادگای کار:**

پەیوەستە بە ڕێکخستنی پەیوەندی خاوەن کارو کرێکارو کرێ و ئەو داوایانەشی کە لە یاسای کار باسی لێکراوە، هەرچەندە کە جۆرێك لە تایبە تمەندی هەیە.

## چەند سەرنج و تێبینیەك لە سەر كاری دادگاكان :

1- كەمی ژمارەی دادگای بەرایی لە هەولێر كە تەنیا لە سێ دادگا و سێ دادوەر پێكهاتووە. بەمەش رۆژانە هەر دادوەرێك ناچارە 15-20 داوا ببینێت، كە فشارێكی زۆر دەكەوێتە سەر دادوەرو لەوانەیە كاربكاتە سەر تواناو بیركردنەوەی و بڕیاری دروست دەرنەكات بۆ یەكلایی كردنەوەی كێشەكان، یان لەوانەیە بواری نەبێت بە شێوەیەكی گونجاوو پێویست بەدواداچوونی كێشەكان بكات. سەرەڕای هەبوونی رۆتینی زۆر لە بەڕێكردنی داواكان، بەوەی كات و توانایەكی زۆر بە فیرۆ دەڕوات.

2- تێبینی كردنی ئامادەنەبوونی دادوەرانی دادگای بەرایی، لە كاتی پشكنینی شوێنی مەبەست و ناردنی فەرمانبەر بۆ پشكنین لە بری دادوەرەكە، ئەمەش سەرپێچی یاسای دادبینی شارستانییە كە پێویستی كردووە لە سەر دادوەر دەبێ خۆی ئامادەی پشكنینەكە بێت. هەروەها ئامادەكردنی كۆنووسی پشكنین لە دادگا پێش دەرچوونی بۆ شوێنی پشكنین، دیسانەوە ئەمەش نایاساییەو دەبێ كۆنووسەكە لە شوێنی پشكنینەكە ئامادەبكرێت و زانیارییەكانی تێدا بنوسرێت.

3- ناشارەزایی هەندێك لە پارێزەرەكان لە رێكارییەكانی دادبینی تایبەت بە دادگا بەراییەكان، بەوەی كە لە ئاستی پێویست نین و زانیاری تەواویان نییە لە كاتی دادبینیدا، كە رەنگبێ زیان بە یەكێك لە لایەنەكانی داواكەی لێبكەوێتەوە.

4- لە هەندێك لە داواكانی دادگای بەرایی كە پەیوەندی بە موڵكی گشتیەوە هەیە، بە ئاشكرا رۆڵی داواكاری گشتی دەبینرێت و بە شێوەیەكی پۆزەتیف كاردەكەن بە گەڕاندنەوەی بڕی پارەی زۆر بۆ حكومەت لە پارەی قەرەبووەكان.

5- مانەوەی كێشەكانی پەیوەست بە زەوی زار لە نێوان هەردوو حزبی دەسەڵاتدار ( یەكێتی و پارتی )، كە تا ئێستا یەكلانەكراونەتەوە لەوەتەی شەڕی ناوخۆوە. چونكە پێویستە ئەم كێشانە بچنە بەردەم ( دادگای بەرایی ) یان ( دەزگای موڵكداری ( هیئە النزاعات الملكیە ) بۆ یەكلاكردنەوەیان، كەچی كێشەكان قالبێكی سیاسیان وەرگرتووە.

6- جێبەجێنەكردن یان دواخستنی بڕیارەكانی دادگای مەدەنی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێكردن بە تایبەتی ئەگەر یەكێك لە لایەنەكانی داواكە خاوەن دەسەلات بێت یان پشتی هەبێت.

7- سەرنجی ئەوە دراوە كەوا هەندێك لە بڕیارەكانی دادگای بەرایی بە نووسراوی رەسمی لەلایەن حكومەتەوە راگیراون، سەرەڕای ئەوەشی كە ئەم بڕیارە دەرچووانە پلەی بنبڕیشیان ( الدرجة القطعیة ) وەرگرتووە، ئەمەش دەستێوەردانێكی روون و ئاشكرای كارەكانی دادگایە.

8- هەندێكجار لەدادگای باری كەسێتی تێبینی كراوە،كەوا زۆر گرنگی نادرێت بە بڕیاری دادگا سزاییەكانی پەیوەست بە هەمان كێشە لە كاتی دادبینیدا، كاتێك لە دادگای باری كەسیدا دەبینرێ و رەنگبێ هەندێ جاریش بە بەرژەوەندی لایەنێكی داواكە بشكێتەوە.

9- تێبنی كراوە، هەندێكجار لە دادگاكان چاوپۆشی لە هەندێ هەڵەی یاسایی گەورە دەكرێت كە لەلایەن فەرمانبەری تایبەتی قەڵەم ئەنجام دەدرێت، زۆرجاریش سەرپێچیكردن و لادان لە یاسای لێ دەكەوێتەوە، بە بێ لێكۆڵینەوەو وەرگرتنی هیچ رێكارێكی یاسایی لە بەرانبەری.

10- هەندێ لە دادوەرەکانی دادگای باری کەسێتی، مارەیی ژنی دووەم دەبڕن بەبێ ئەوەی (خوازیار) ڕەوانەی دادگای لێکۆڵینەوە بکەن، یان بێ ئەوەی ڕەزامەندی ژنی یەکەم وەربگیرێت کاتێك کە مارەیی ژنی دووەم لە دەرەوەی دادگا بڕاوە. کە ئەمەش پێچەوانەی یاسایە.

11- سەرنجی ئەوە دراوە لە دادگای باری کەسی، جاری وا هەیە بەڵگەنامەکان وەك قەسام شەرعی لەشوێنی دانیشتنی بەردەوامی کۆچ کردوو دەرناکرێت، کەچی یاسای دادبینی شارستانی باس لەوە دەکات دەبێت لە شوێنی دانیشتنی بەردەوامی کۆچ کردوو وەرگیرێت بە پێی مادەی (3/305).

12- داواکانی دایەنی، کاتێکی زۆر دەخایەنن، کە لە ئە نجامدا دەبنە مایەی زیان گەیاندنی دەروونی بۆ منداڵەکانی ئەو ژن و مێردانەی لە یەکتری جیا دەبنەوە.

13- سەبارەت بە دادگای شارستانی، هەموو ئەو مادانەی تایبەتن بەم دادگایە بریتین لە پێنج مادده ئەوانیش ماددەکانی (21، 22، 23، 24، 25) کە وا دیاردەبێت بەوەی ئەم دادگایە کارەکانی کەمن و زۆربەی ئەو کێشانەشی دەچنە بەردەمی، پەیوەندیان بە بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەو شارستانی هەیە.

14- سەبارەت بە دادگای کار، ئەم دادگایە تائێستا وەك پێکهاتە هەیە، بەڵام کێشەیەکی ئەوتۆی ناچێتە بەردەم، کە لەماوەی ساڵێکدا تەنیا 4- 10 داوا دەبینێت، ئەمەش لەبەرئەوەی کە کرێکار تەنیا ئەوکاتە دەتوانێت سکاڵا دژی خاوەن کار تۆمار بکات گەر کرێکارەکە گەرەنتی لە شوێنی کارکردنەکەی هەبێت، بە شێوەیەکی گشتیش ئەم شتە لە کوردستان پەیڕەوی لێ ناکرێت.

**ڕا پرسی:**

بۆ ئەم قۆناغەی پرۆەکەمان، هەوڵماندا لە ڕێی ڕا پرسیەوە ڕاوبۆچوونی پارێزەران بزانین لە سەر ئەداو کاری دادگاکان، چونکە ئەوان ڕۆژانە مامەڵە لەگەڵ ئەو مەسەلانەدا دەکەن، لەکۆی 100 فۆرمی دابەشکراو، 79 فۆرممان بۆ گەڕایەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- ئایا دادوەرەکان لە کاتی دادبینیدا تا چەند ڕێگا بەلایەنەکانی کێشەکان دەدەن قسەکانیان بخەنە ڕوو؟

أ- بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەردوولا. ٪69

ب- بە نایەکسانی (لایەنێك لە سەر لایەنێکی تر پەسند دەکات). ٪12

ج- بە نایەکسانی بۆ هەردوولای کێشەکە. ٪16

2- گەر وەڵامەکەت (ج) بوو، پێت وایە هۆیەکەی چییە؟

أ- کەمی کاتی دادبینی و زۆری داواکان. ٪25

ب- کەمتەرخەمی دادوەرەکان یان سەرقاڵبوونیان بە کاری تر. ٪7

ج- هۆکاری تر. ٪5

4- ئایا لە هیچ کێشەیەك کە تیایدا بریکار بوویت دادوەر بە زانیاری کەسی خۆی بڕیاریداوە، بەبێ ئەوەی ئەم زانیاریە بابەتی بێت، لە دادبینیدا گفتوگۆی لە سەرکرابێت؟

بەڵێ 22٪ نەخێر 75٪

5- لە یەکلاکردنەوەی کێشەکان تا چەند بڕیارەکانی دادگا بە سەربەخۆیی دەرئەچێت؟ دادگاکان سەربەخۆن لە دەرکردنی بڕیارەکاندا؟

بەڵێ 31٪ نەخێر 41٪ نازانم 24٪

6- بەڕای تۆ چ لایەنێك کاریگەری هەیە لەسەر دەرکردنی بڕیارەکان لە دادگا؟ بە ژمارە لە کاریگەرترین لایەن تا بێ کاریگەرترین لایەن هەڵبژێرە؟

أ- لایەنی حیزبی 82٪

ب- دۆست و خزمایەتی 48٪

ج- بەرژەوەندی تایبەتی 31٪

د- هیچ کایگەرییەك نییە 24٪

7- ئاستی دەسەڵاتی دادوەری چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

أ- بەرزە 2٪ ب- مام ناوەندییە 56٪ ج- نزمە 40٪

ئەگەر وەڵامەکت ( ج ) بوو، ئەوا وەڵامی پرسیاری خوارەوەش بدەوە:

8- نزمی ئاستی دەسەڵاتی دادوەری و مامەڵەکردن لە گەڵ کێشەکان بۆچی ئەگەڕێنیتەوە؟

أ- ئاستی خودی دەزگای دادوەری ( الكفاءة القضائية ). 30٪

ب- نەبوونی یاسای گونجاو کە چارەسەری کێشەکان دەکات. 2٪

ج- بارودۆخی دەرەوەی سیستەمی دادوەری وەکو ( بالآبوونی رۆڵی حزبی وکۆمەلآیەتی و کەسانی بەرپرس و عەشایەری و بالآدەست ). 30٪

9- شێوازی دادبینیەکان کە دادگاکانی ( بەرایی و باری کەسێتی ) بەڕێوەی دەبەن لە دادگاکانی هەولێر بە ڕەچاوکردنی یاسای دادبینی شارستانی چۆن دەبینێت؟

أ- بەهێزە 13٪ ب- مام ناوەندی 2٪ ج- لاوازە 17٪

10- ئایا لە کێشەکانی تایبەت بە باری کەسی، تاچەند لایەنە پەیوەندیدارەکان ( حکومی و ناحکومی ) کە تایبەتن بە چارەسەرکردنی کێشەی منداڵ و خێزان رۆڵیان هەیە؟

أ- زۆر 5٪ ب- مام ناوەند 48٪ ج- کەم 45٪

11- هۆکاری دواخستنی ( کەڵەکەبوونی ) داواکان لە دادگاکان بۆچی ئەگەڕێتەوە؟

أ- تايبه‌تمه‌ندیٚ داوا. ٪46

ب- كه‌می كاتی دادبینی. ٪24

ج- زۆری داواكان و كه‌می دادوه‌ره‌كان. ٪54

د- خۆدزینه‌وه‌ له‌ بریاردان له‌ هه‌ندێك داوا. ٪25

12- رۆڵی داواكاری گشتی له‌ دادبینییه‌كان و بڕیاردان له‌ یه‌كلاكردنه‌وه‌ی كێشه‌كانی چۆن هه‌ڵده‌سه‌نگێنیت؟

أ- به‌هێزه ٪1 ب-مام ناوه‌ندی ٪39 ج- بیٚ هێزه ٪58

13- ئایا پێت باشه‌ ئاماده‌بوونی داواكاری گشتی له‌ دادبینیه‌كانی تایبه‌ت به‌ كێشه‌كانی به‌رایی و باری كه‌سی ( په‌یوه‌ست به‌ به‌رژه‌وه‌ندی گشتی ) پێویست (وجوبی ) بێت؟

أ- به‌ڵیٚ ٪60 ب- نه‌خێر ٪27 ج- نازانم ٪7

14- له‌ یه‌كلاكردنه‌وه‌ی كێشه‌كان، ئایا دادوه‌ره‌كان تا چه‌ند ره‌چاوی به‌رژه‌وه‌ندی منداڵ ده‌كه‌ن ( به‌ تایبه‌ت له‌ كێشه‌كانی دادگای باری كه‌سێتی )؟

أ- زۆر ٪25 ب- مام ناوه‌ند ٪58 ج- كه‌م ٪13

15- ئایا دادگاكان له‌ دانانی لێزان بۆ خه‌ملاندن و دانی راوبۆچوونیان پشت به‌ چی ئه‌به‌ستن؟

أ- په‌یوه‌ندی كه‌سی دادوه‌ر و لێزان. ٪39

ب- به‌رزی ئاستی لێزان و ناوبانگی شاره‌زایی بوونی له‌م بواره‌دا. ٪17

ج- وه‌رگرتنی راوبۆچوونی لایه‌نه‌كانی كێشه‌كه‌و بریكار. ٪45

16- كاریگه‌ری رێكخراوه‌كانی كۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نی ( مافی مرۆڤ، پارێزگاریكردن له‌ مافه‌كانی ژنان و منداڵان و .....هتد ) چۆن ده‌بینیت له‌ سه‌ر بۆچوونی دادوه‌ره‌كان له‌ بڕیاردانداا؟

أ- به‌هێز ٪0 ب- مام ناوه‌ندی ٪18 ج-لاواز ٪50 د- نیه ٪29